# سێ چەمکی حەرام

**نووسینی:موئەیەد مەحمود(كاردۆ)**
Kardo_van@yahoo.com

سینەما ئەوسا سەنگین بوو کاتێک کە بوو بە ئەبزارێک بۆ دەربڕین ،کاتێک بوو بە وەسیلەیەک بۆ خستنە ڕووی تێڕوانینی هونەرمەند.تێڕوانینی جیاواز هەیە بۆ سینەما ،ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لە ئایدیۆلۆجیا و دونیا بینی و جیاوازی کەلتورەکان و.....تاد بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو تێڕوانینە جیاوازانەش بۆ سینەما دەبینین هاوڕاییەک لەسەر ئەوە بەدی دەکرێت کە سینەما وەسیلەیەکە بۆ واقیع خستنە ژێر مایکرسکۆپ و دۆزینەوەی میکرۆبەکان و دەست نیشان کردنیان و چۆنیەتی قەڵاچۆ کردنیان و کۆنترۆڵ کردنیان.بەچاو خشانێک بە فلیمە سینەماییەکانی هەموو دونیا ئامادەیی ڕەخنەمان لە پانتاییەکی فرەواندا لەو فلیمانەدا بۆ دەردەکەوێت.بە شێوەیەک ئەگەر ڕەخنە لە فلیمەکان دابڕین ،فلیمەکان دەبن بە حیکایەتێکی بە وێنە کراو و لە باشترین حاڵەتدا بینەر بۆ ماوەیەکی کاتی چێژ لەو وێنانە وەردەگرێت و مانەوەیان تا دەرەوەی هۆڵەکانی سینەما بڕ دەکەن و دواتر لە ماوەیەکی کورتدا ڕەنگیان کاڵ دەبێتەوەو بەرەو خانەکانی لەبیر چوونەوە غلۆر دەبنەوە.کەواتە ڕەخنە مەرجی مانەوەی ڕووداوەکانی فلیمێکە لە زیهنی ئینساندا.ئەمەش لەوێوە کە ڕەخنە جەدەل درووست دەکات و جەدەلیش لەسەر دیاردەیەک،بۆچوونێک،حاڵەتێکی دیاری کراو سیفەتێکی هەمیشەیی هەیەو ئامادەیی و بەردەوام بوونی پابەندە بە تەمەنی بابەتی ڕەخنە یان جەدەل هەڵگرتو.

سێ چەمک کە ئەمڕۆ قورسایی لەسەر تاک بە تاکی هەموو کۆمەڵگاکانی دونیاو کۆمەڵگای ئێمەش دادەنێت،ئەو سێ چەمکەی کە مەحاڵە ئینسان بتوانێت ڕوویان لێ وەرگێڕێ و پشت گوێیان بخات و بیانخاتە لاوە ،هەر سێ چەمکی سیاسەت و سەکس و دینە .ڕەنگە پێویست بە ئامار نەکات ئەگەر بڵێین 99%ی فلیمەکانی دونیا بە شێوەک لە شێوەکان ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ ئاو لەم چەمکانە دەخۆنەوە و ئاماژەیان پێ دەکەن و ڕەخنەیان لێ دەگرن و بەرز یان نزم ڕایان دەگرن.ئایا ئەم سێ چەمکە ئامادەییان لە فلیمەکانی ئێمەدا هەیە؟چۆن لە فلیمەکانی ئێمەدا ڕەنگیان داوەتەوە؟سینەماکاری ئێمە چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات؟ڕاستییەکەی کاتێک ئێمە باسی ئامادەیی ئەم سێ چەمکە لە فلیمەکانماندا دەکەین مەبەستمان ئەوە نییە ڕاستەوخۆ دیمەنەکان یان ڕووداوەکان بە ماناو بەو بۆچوونانە بارگاوی بن کە دەکەونە خانەی ئەم چەمکانەوە،لێرەوە مەرج نییە فلیمێک چەند دیمەنێکی سەکسی لەخۆ بگرێت بۆ ئەوەی لە خانەی ئەو فلیمانەدا ڕیزی بکەین کە خۆیان لە چەمکی سەکس دەدەن، هەروەکو مەرجیش نییە فلیمێک بە سەراحەت لە چەند دیمەنێکدا حوکمێکی شەرع،یەکێک یان چەند سورەتێکی قورئان ،یان دیاردەیەکی دینی بخاتە ژێر ڕەخنەوە تاوەکو سیناریۆکەی مۆری ئەنتی دینی پێوە بنرێت.بۆ سیاسەتیش بە هەمان شێوە،بەڵکو مەبەست لێرەدا ئامادەیی مەوداو ئاکامەکانی مومارەسە کردن و تێگەیشتن و تێڕوانینە لە مەڕ ئەو چەمکانە.بۆ نموونە  نیشاندانی منداڵێکی گوڵە بە ڕۆژە فرۆش زیاتر دەچێتە خانەی ڕەخنەی سیاسیەوە، ئەگەر هاتو منداڵی خێزانێکی ئەنفال کراو بێت ،ئامادەیی ئافرەتێک بۆ شوو کردن بە کەسێک کە دوور بە دووریش نەیناسیوە ،ڕەنگە دوو مەودای

هەبێت ،مەودایەکی سەکسی کەلە کەپتدا خۆی دەبینێتەوە،وە مەودایەکی کۆمەلآیەتی کە خۆی لە بەرتەسکی ئازادییەکانی ئافرەتدا دەبینێتەوە لە چوارچێوەی خێزاندا.لێرەوە دەبینین ئەوە دیاردەکانن کە دیمەنەکان بەم سێ چەمکە بارگاوی دەکەن ،نەک خودی دیمەنەکان یان دایەلۆگەکان.کەواتە بۆ سینەما کاری کورد شانی خۆی لە رەخنە گرتن لەم سێ چەمکە خالّی کردۆتەوە؟ئایا لەبەر ئەوەیە ئەم سێ چەمکە گرنگییەکی ئەوتۆیان لە ژیانی سینەما کارانی ئێمەدا نییە؟بێگومان ئەمە دووا بۆچوونە کە لەم پرسەدا برەوی هەبێت.راستییەکەی تا سینەما یان پرۆسەی درووست کردنی فلیمێک بە دەرگای دەسەلآتدا تێنپەرێت ،بەو مانایەی تا سینەماکار بتوانێت بەبێ یارمەتی دەسەلآت فلیم ساز بکات، زیاتر دەتوانێت ئەم سێ چەمکە لە فلیمەکانیدا بەرجەستە بکات.فلیمەکانی ئێمە تا ئێستاش بە رووی دەسەلآتدا پێدەکەنن ،خۆ لادانیش لەم سێ چەمکە هەر بۆ زیندوو راگرتنی ئەو خەندەو پێکەنینەیە .دەسەلآت بۆ ئەوەی درێژە بە عومری خۆی بدات پێویستی بەوەیە خۆی وەک مەسئول نیشان بدات لەمەر ئەو بەها ئەخلاقییانەی کە چوارچێوەکانیان بە قەلّەمی دین و سەکس و سیاسەت کێشراون.ئەم (بەها ئەخلاقییانە)دەکرێت (کە زەرووره واش بێت)چوار چێوەی جیاوازیان هەبێت ،بۆچوونی جیاواز هەلّبگرن و جەدەلیشیان لەسەر بکرێت.سینەماش هەر لەوێوە دەتوانێت خۆی وەک هێزێکی بالآ بەسەر کۆمەلّگادا فەرز بکات.هێزێک کە دەتوانێت ئەمرۆ لە دوێنێ جیا بکاتەوە ،هێزێک کە دەتوانێت سیمایەکی جیاواز بە دیاردەکان بدات،هێزێک کە قودسیەت دەخاتە کەنارەوەو بە چاوی گومانەوە سەیری هەموو دیاردەکان و بەها ئەخلاقییەکان و سیاسەت و بگرە سەیری بچووکترین کرداری ئینسانی دەکات. بۆ ئەوەی ئەم مەرجە لە سینەمادا بێتە دی ،ئەبێ سینەماو دەسەلآت وەک دوو هێزی جیاواز مامەلّەیان لەگەلّدا بکرێت.دوو هێز کە دەتوانن لە بەرانبەرکێیەکی هەمیشەیی بن لەگەلّ یەکدا بێ ئەوەی یەکێکیان بۆ ئەوی تر لە پلان گێران بێت،بەلّکو دەکرێت ئەم دوو تەرەفە بەیەکەوە پلانی کۆمەلّگایەکی مۆدرن بکێشن .تا ئەو جێیەی کە ئەم پلانە دوو قۆلّییە دانەرێژرابێت وە تا ئەو جێیەی کە یەکێک لەم دوو هێزە ئەوی تر قەبولّ نەکات، ئەوە ئەم دوو هێزە دەکەونە ململانێیەکی دەستەو یەخەوە و هەریەکەشیان بەو کارت و ئەبزارانەی کە لە هەگبەکەیدایە بۆ لە کەنار خستنی ئەوی تر دەجەنگێ.

2005-12-3